وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:28**
**رۆژی دەرهێنان:2004/6/20**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای وەزیری دارایی وئابووری ورەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەی کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (43)ی رۆژی (2004/6/19)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (10) ی ساڵی (1997) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(28)ی ساڵی/2004**
**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(13)ی ساڵی 1992ی**
**وەزارەتی دارایی وئابووری هەرێمی کوردستان**

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی چوارەمی ماددەی یەکەم، بەم شێوەیەی خوارەوە هەمواردەکرێ:

4-وەزارەتەکە دوو بریکاری دەبێت:

أ-بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری بازرگانی.

ب-بریکاری وەزارەت بۆ کاروباری دارایی.

**ماددەی دووەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سێیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرهێنانیەوە دەخرێتە بەر کارو لە (وەقایعی کوردستان)دا بلاْودەکرێتەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عیراق**